**تیرۆرکردنی عەبدولستار, ئاماژەیەکە بۆ درێژی دەستی تیرۆر, بەڵاك كام تیرۆر؟**

## تیرۆرکردنی عەبدولستار, ئاماژەیەکە بۆ درێژی دەستی تیرۆر, بەڵاك كام تیرۆر؟

on March 09,2008 لەلایەن

**هەڵۆ گەرمیانی(خالید):**

عەدبولستار تاهیر شەریفیش چووە لیستی قوربانیانی دەستی تیرۆر, ناوبراو كەسایەتیەكی چالاكی سیاسی عێراقی و كوردستانی و پسپۆڕێكی بواری دەروناسی بوو, ڕابردووی ئەم پیاوە تاڕادەیەك ناڕوشن نیە بەنیسبەت جەماوەرەوە, بەهۆی ئەوەی لەكایەی ڕۆشنبیری دا بەردەوام لەخوێنەرەكانی خۆی دانەپراوە ئەگەرچی بەهۆی پۆستە سیاسیەكانیەوە كەمتر ناسرابێت, لەكایەی سیاسی دا بەشدار بووە لە زۆربەی بزاوتە شۆرشگێریە كوردستانیەكان و سەنگ و قورسایی خۆی هەبووە, لەدوای هەرەس و ئەو مەدو جەزرانەی كە بەسەر مێژووی كوردا دەهێنرێت, عەبدولستاریش وەكو زۆرینەی سیاسیە كوردەكانی تر بەشداری پرۆسەی هەستانەوەی كورد دەكات, تا ئەو كاتەی شەڕی كورد كوژی و دووبەرەكەی دەست پێدەكات لە نێوان ڕێزەكانی كورد دا, ئیدی عەبدولستار بڕیار ئەدات بەغدا بكاتە نەوای خۆی و حیزبێكی كارتۆنی دروست دەكات و بەشێوەیەكی شكڵی ڕۆڵی كورد لەبەغدا پیشان ئەدات, ئەگەرچی بوونە وەزیری عەبدولستارِ و چالاك بوونی لە بەغدادا, سرنجی هیچ كەسێك لەوانەی كە ئاشنای مێژووی ئەم پیاوەن,یۆ ئەوە ناچیَ كە سیخۆری بەعس بووبێت و خەسارەتی بە گەوهەری دۆزی كورد گەیاندبێت, بەهەر حاڵ ئەویش كاراكتەریك بووە وەكو زۆرینەی ئەوانەی لەنزیكەوە بوێرانە شەڕی سەدامِ حوسێنیان كردووە, نەك وەكو ئەوانەی كە جاسوس و پیاو كوژ و ئەنفالچی بوونەو ئێستاش كەس ناتوانیَ پێان بڵی پێشی چاوتان كلی پێوەیە, كورسی و ئیمتیازاتی باشیان پێدراوە نەك دادگاییكردن و تیرۆر كردن, عەبدولستار ئەگاتە ئەو بڕوایەی حكومەتەكەی سەدام بەنیازی كوشتنیەتی ئیدی كاتی ئەوە هاتوودەربازی لەدەست ئەو ڕژێمە بێت, وەكو خۆی لە چاوپێكەوتنە ڕۆژنامەوانەیەكانی ئەم دوایانەی دا دەڵیت بەهاوكاری كوسرەت ڕەسول دێتە كوردستان ولەدوای پرۆسەوە  تا كاتی تیرۆركردنی لە زانكۆكانی كەركوك دەبێتە مامۆستا.

**<u>بۆچی عەبدولستار تیرۆر كرا؟</u>**

ئەمە ئەو پرسیارەیە هەموو ئەوانەی ئاگاداری ڕۆڵ و مێژووی ئەم پیاوەن, دەیكەن, بەڵام ئایا كیَ هەیە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە, تەنها گومان نەبێت لە ئاست كوشتنی ئەو پیاوەدا ڕاڤەی هۆی كوشتنەكەیمان بۆ بكات, ماركس ئەڵێت: دۆزِینەوەی حەقیقەت لەدوای پڕینی هەموو قۆناغەكانی گومان دەستپێدەكات. بەڵام ئایا كام گومان ئەتوانیَ لە ئاست دۆزینەوەی بكوژەكانیِ عەبدولستاردا حەقیقەتمان بۆ بدۆزێتەوە. لە كاتێكدا خودی حەقیقەت و ئەوانەشی دەست و پەنجە لە گەڵ دۆزینەوەی حەقیقەت دا نەرمكردوە  , سەرِیان لەو پێناوەدا تیاچووە یاخود بە جەور و ستەم ئاراستەی حەقیقەتەكەیان پێگۆڕاوە, ئەمە لەوەدا دەرئەكەویَ مرۆڤ هەر بە سروشت حەزی بە ئاشكرابوونی حەقیقەت نیە, بێگومان لەگەڵ دۆزینەوەی هەر حەقیقەتێكدا كۆمەڵیك مرۆڤ بەرژەوەندیە دونیایەكانیان لەدەست ئەدەن ڕەنگە ئەو پۆست وكورسیانەش كە بەزۆر وە چنگیان كەوتووە بیدۆرینن,ئیدی ئەوانەی ئیشیان لەسەر دۆزینەوەی حەقیقەت كردووە  نەهامەتیەكە بۆ ئەوان ماوەتەوە ,بەردەوام هەڕەشە لەسەر ژیانیان دروست بووە, لەمێژوودا گالیلۆ هەیە, دەكریَ مرۆڤایەتی سود لەو ڕوداوە وەربگریَ نەك بۆ ئەوەی حەقیقەت ناسان تیرۆر بكەن و ڕایان پێبگۆڕن بەڵكو بزانێت زۆرجار مەرگ چارەنوسیانە, ئەگەر دكتۆر فەرەج فودە لەوەی گلیلۆ پەندی وەربگرتایە خۆی بەكوشت نە ئەدا و پەشیمان دەبووە لە دركاندنی ئەو ڕاستیانە كە پییگەیشت, عەبدولخالق مەعروفیش نەیتوانی پەند لە ڕوداوی تیرۆركردنی فەرەج فۆجە وەربگرێت, هەمانەی حەقیقەتەی كردەوە,هەمانەكەی دۆلاری تیادا نەبوو وەكو مەسئولەكانی ئێستا تەخشان وپەخشانی كرێگرتەكانیان بكات, بەڵكو حەقیقەتی تیادا بوو گەیاندیە ئەو جەماوەرەی كەتا ئێستاش تێنەگەیشتن بۆچی عەبدولخالیق مەعروف تیرۆر كرا! بەڵام دكتۆر كەمال مەزهەر عاقڵی كرد, لەنوسینەوەی مێژووی كوردا بە خیانەتكار ناوی موشیری حەمەی سلێمانی هێنابوو, كەدەستی هەبووە لە بەگرتدانی شێخ مەحمود ا و هەر ئەو بووە دەستی ئینگلیزی ڕاكێشاوە بۆ بەردەقارەمان و دەستبەسەراگرتنی شیخ مەحمود لەلایەن ئینگلیزەوە, ئەم حەقیقەتە تا چەند ساڵیك پێش ئێستا لە نێو كتیبَەكانی مەزهەری كوردی دا بوو و خەڵكیش دەیانبینی و نەفرەتیان دەنارد بۆ موشیر, كەچی لە پێش پرۆسەی هاتنی ئەمەریكا بۆ شوێن كورسیەكەی سەدام, ئاغای مەزهەر پەشیمان بوویەوە لەو حەقیقەتەی كە دۆزیبوویەوە لە نێو كتێبەكانیشدا تا ئێستا ماوە و نەسڕاوەتەوە چونكە تەنها خۆی داوای لێبوردنی لە عەشیرەتی هەمەوەند كرد, لەبەر ئەوەی موشیر لە هەمەوەندیەكانی كوردستانە. سەر گوزشتە و مێژووی ئەوانەی كە بە پیاوی نێو مێژوو دەژمیردرێن و ماندوو بوونە بە دۆزینەوەی حەقیقەتەكانەوە, گەلێك سەختی و دژواری تیّادایە, لەهەمان كات دا پڕیەتی لە مەهزەلە, بەهەر حاڵ لای خۆێنەر مەعلومە عەبدولسِتار وەكو ئەوەی پێشبینی كردبێت تەمەنی كۆتای هاتووە, یاخود خۆی حەزی نەكردبێت زیاتر لەوە بژیَ, دەستی دابووە چاوپێكەوتن و بابەتی ڕۆژنامەوانی, بەمەش تاڕادەیەك مێژووی بۆ ئێمە باسدەكرد و دەستی دەخستەسەر ئەو پنتانەی كەدیدی ئێمە نەیدەبینی یاخود تارمایەك دروستكرابوو لەبەردەم دیدمان دا بۆ ئەوەی ئێمە ڕابردوو و مێژووی نەتەوەكەمان

نەزانین, هەر بۆیە عەبدولستار لە گێڕانەوەی بیرەوەری و مێژووی بزوتنەوەکانی کوردا تەنها وەکو حیکایەتخوانێك قسەی نەدەکرد و ڕۆڵ بداتە خۆی, بەڵکو کۆمەڵێك خاڵی باسدەکرد دەتوانین پێی بڵێین حەقیقەت, بۆیە لەدواجاریشدا سەری خوارد. ئیدی نەیانهێشت زنجیرەی ئەو بیرەوەریانەمان بۆ بگێڕیتەوە کە خوێنەر چێژی دەکرد بیانزانێت, هەگبەی مێژووەکەی عەبدولستار پڕ بوو لە ڕوداو ڕاستگۆیانە دەیانیگێڕایەوە ,ئەوانەی کە تیرۆریانکرد ڕەنگە باشتر ئەم خاڵەیان درکپێکردبێت.ئەوەی پەیوەندی بەجۆر و شوین و وردەکاری پرۆسەی کوشتنەکەیەوە هەبێت, باسکردنی ئێشی ئێمە نیە وِ پەیوەندی بە پۆلیسەوە هەیە, ئەوەی گرنگ بێت و ئێمە باسیمانکرد عەبدولستار حەقیقەتی دەدرکاند,کیِ بوو بەو حەقیقەتانە دڵیان تێکدەچوو, تورك؟عەرەب؟ هاوزمانەکانی خۆی؟ ئیدی ئەوە زەمەن پێمان دەڵێت...

khalid.a.hamalaw@googlemail.com